## پێشەکی /

ڕێگاکانی وانەووتنەوە و چالاکیەکانی پێکهاتەیەکی سەرەکین لە پێکهاتەکانی پرۆگرام ، وەرێگاکانی وانەووتنەوە ناوەرۆکی هەیە ، پلانێکی هەیە لەسەری دەروات ، وەهەروەها ئاما نجی دیاریکراوی هەیە کە دەبێ جێ بەجێ بکرێ وە پێویستی بە هەڵسەنگاندن هەیە بۆ ئەوەی رادەی سەرکەوتنی دیاری بکات بۆ جێ بەجی کردنی ئاما نجەکان .

هەڵبژاردنی ڕێگاکانی وانەووتنەوە لە ژێر رۆشنایی ئاما نجەکانە ، والتا لە روانگەی ئاما نجەوە ڕێگای وانە ووتنەوەی گونجاو بۆ ئەو بابەتەی کە دەیڵێیەوە دیاری دەکەیت .

پێش ئەوەی باسی ڕێگاکانی وانە ووتنەوە بکەین پێویستە تیشك بخەینە سەر چەند چەمکێکی سەرەکی کە پەیوەندیان بە ڕێگاکانی وانە ووتنەوە هەیە ئەوانیش بریتین لە ( فێرکردن و فێربوون ) .

## چەمکی فێرکردن /

چالاکیەکی بەردەوامە ئاما نجی بریتیە لە وورووژاندنی پاڵنەری قوتابی بۆ فێربوون ، وە لە کۆمەڵێك چالاکی و بریار پێك دێت کە مامۆستا یان قوتابی پێ هەڵدەستن لە هەڵوێستی فێرکردندا . هەروەها فێرکردن زانستێکە گرنگی دەدات بە شێوازەکانی فێربوون و تەکنیکەکانی و جۆرەکانی رێکخستنی پرۆسەی فێربوون کە قوتابی کارلێکی لەگەڵ دەکات بۆجێ بەجێ کردنی ئاما نجە دیاریکراوەکان . وە هەروەها فێرکردن هێلکاریەکی مەبەستدارە یان ئەندازەیەکە لە هەڵوێستی فێربووندا بە شێوەیەك ببێتە هۆی فێربوون یان ببێتی هۆکاری فێربوون کەبە سەرپەرشتیاری مامۆستا ئە نجام دەدرێت .

وەلە فێرکردندا پێویستە مەرجی مادی و دەروونی دابین بکرێت کە یارمەتی قوتابی بدات بۆ ئەوەی بتوانێت چالاکانە هەڵسوکەوت بکات لە گەل ژینگەی فێربوونەکەی ، وە وەرگرتنی زانست و زانیاری و و کارامەیی ، وەهەروەها لەگەڵ ئەو بەهاو ئاراستانەی کە پێویستی پێیەتی و لەگەڵی دەگونجێ ، ئەگەر ئەم کارانە روویاندا واتا پرۆسەی فێرکردنە یە سەرکەوتوانە ئە نجام دراوە .

کەواتە کرداری فێرکردن کردارێکە قوتابی تیایدا لە هەڵوێستی فێربووندایە بە ئامادەباشی بیرو دەروونی بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری و کارامەیی و بەهاکان و بۆچوونەکانی کە دەگونجێ لەگەڵ توانستەکانی لە کاتی بوونی ژینگەیەکی گونجاو کە پێك هاتووە لە بابەت و مامۆستاو هۆکارەکانی فێرکردن بۆ جێ بەجێ کردنی یاما نجە پەروەدەییە دیاریکراوەکان .

چەمکی فێربوون /

گۆرانکاریەکی جێگیرە لەسەر رەفتاری قوتابی ، شارەزایان لە ئەنجامی توێژینەوەکانیان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەو گۆراناکاریانە جێگیرن بە شێوەیەکی رێژەیی ، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ناتوانرێت بەم گۆرانکاریە کاتیانە ئاماژە بدرێت کە فێربوون بە تەواوی رووی داوە لەلای قوتابی یان پرۆسەی فێربوون لەلای هەر کەسێکی تر ، وە پرۆسەی فێربوون بە سێقۆنلغی سەرەکی تێ دەپەرێت ئەوانیش بریتین لە وەرگرتن و هەڵگرتن و گەراندنەوە .

پێناسەی فێربوون لەلایەن جیلفورد /

گۆرانکاریە لەرەوشتی تاك لە ئەنجامی وورۆژێنەرێکەوە ، وە سروشتی ئەم وورۆژێنەرە پەیوەندی بە وورۆژێنەری فیزیاییەوە هەیە کە یەك جۆر وەلام داوا دەکات بە پێی سادەی و ئاڵۆزی هەڵوێستەکان.

بۆ نموونە / وورۆژاندنی سادە ، کاتێك لە وەرزی زستاندا پەنجەرەی ژوورەکەت کراوە بێت ، وەکاتێك ئەو تەزووە ساردە بەر لاشەت دەکەوێت هەست بە سەرما دەکەیت .

بەلام کاتێك کەسێك دەیەوێت فێری لێخورینی ئۆتۆمبێل بێت ، ئەوا زیاد لە وورۆژێنەرێك هەیە کە پێویستە لەسەر ئەو کەسە ئاگاداریان ببێت بۆ ئەوەی بەباشی فێری پرۆسەکە ببێت ، کەواتە پێویستی بە چەند وەلامدانەوەیەك هەیە ، ئەمەیان بریتیە لە وورۆژێنەری ئاڵۆز .

هەر دوو کرداری فێرکردن و فێربوون پەیوەندییەکی بە هێز لە نێوانیاندا هەیە و بەیەکەوە بەستراون چونکە فێربوون لە دەرئەنجتمی فێرکردنەوە روودەدات .لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەر تاکێك هەڵدەستێ بەئەنجامدانی کارێك کە پێشتر نەیدەتوانی ئەنجامی بدات ئەوات لە رێگای پرۆسەی فێرکردنەوە فێربووە .

وە چەند هۆکارێك هەن کاریگەریان هەیە لە سەر کرداری فێربوون و فێرکردندا لەوانە :-

- تایبەتمەندی مامۆستاو قوتابی .
- رەوشتی مامۆستاو قوتابی .
- تایبەتمەندی ژینگەی فێرکردن و فێربوون .
- تایبەتمەندی بابەتی خوێندن .
- تایبەتمەندی هاورێ .
- هۆکارە دەرەکیەکان کە کاریگەریان هەیە لەسەر کارایی فێرکردنەکە .

چەمکی وانە ووتنەوە /

لایەنی کرداری پرۆسەی فێرکردنە ، یان جۆرێکە لە جۆرە گرنگەکانی پرۆسەی فێرکردن ، وە فێرکردن بەتەنها کاریگەری نابێت ئەگەر بێت و لە پێشەکیدا پلانی بۆ دانەنریت، واتابە شێوەیەکی رێك و پێك و یەك لەدوای یەك دا .

وانە ووتنەوە چالاکیەکی بەردەوامە ئاما نجی وورووژاندنی فێربوونە وە ئاسانکردنی پرۆسەی فێرکردن و جیٚ بە جیٚ کردنیتی .

رەوشتی وانە ووتنەوە پێکهاتووە لە کۆمەڵ کردارێکی بەردەوامە هەروەها ئەو بریارانەی کە مامۆستا داویەتی جیٚ بەجێیان بکات بە شێوەیکی راستەوخۆ لەلایەن خۆیەوە بە هۆی ئەوەی کە مامۆستا هۆکارێکە بۆ جیٚ بەجیٚ کردنی هەڵوێستی پەروەردەو فێرکردن.

هەروەها ئەم سیستەمە لە سیٚ رەگەزی سەرەکی پێکهاتووە :

- مامۆستا .
- قوتابی .
- پرۆگرامی خوێندن .

هەریەك لەم رەگەزانە خاسیەتی گۆراویان هەیە وە چالاکی زمانەوانی هۆیەکە بۆ گەیەشتنی مامۆستا بە قوتابی ، یان قوتابی بە مامۆستا . لەگەل ئەمانەشدا هۆکاری گەیاندنی بیٚ دەنگی تێدایە کە ئەویش بریتیە لە وەرگرتنی زانست و زانیاری و کارامەیی و بۆچوونەکان لەگەڵ حەزو ئارەزووی قوتابی .

کەواتە دەتوانین بڵێین کرداری فێبوون روودەدات ئەگەر هەندیٚ لە قوتابیەکان بیانەوێت فێربن یان روودەدات لە لایەنێك لە لایەنەکان بەلاْم بە شێوەیەکی لاواز کە ناگونجی لەگەڵ ئەم ماندو بوون و خەرجی و بوونی پێداویستیە سەرەکیەکانیش کە بۆ پرۆسەکە ئامادەکراوە .

وە ئەمە گرفتێکی ئاشکرایە لە ناوەندەکانی خوێندندا سەرەرای دابینکردنی هەموو پێداویستیەکان و گرتنە بەری ریکارە گرنگەکان بەلاْم دەبینین دەرئە نجامەکەی لاوازەو وەکو پێویست نیە ، دەتوانین بڵێن هۆکاری ئەمە دەگەرێـەوە بۆ لەبەرکردنی زانیاریەکان لەلایەن قوتابی کە تەنها مەبەستیان دەرچوونە لە تاقیکردنەوەکان پەرینەوە لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکی تر وە بەدەست هێنانی بروانامە بە بیٚ فێربوون !!!!!

ئەگەر بێت و  زانیاری تەنها بۆ ئەم مەبەستانە بێت ئەوە لە بیر دەکرێت و لە مێشکی قوتابی دەسڕێتەوە و نامێنێت لەبەر ئەوەی ڕاهێنانی لەسەر ناکات و پشت گوێیان دەخات بەم شێوەیەش نابێتە بە خوو لەلایەن قوتابی وەبەم جۆرەش نابێتە بە بەشێك لە کەسایەتی قوتابیەکە .

بنەماکانی وانە ووتنەوە .

شێوازەکانی فێرکردن هەمان شێوازەکانی فێربوونە ، بەڵام شێوازەکانی فێرکردن بە شێوازێکی کرداریە، کە ئەمەش دەبێتە وانە ووتنەوەکە ، وە هەر بابەتێك شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە واتا شێوازی ووتنەوەی بابەتی ماتماتیك جیاوازە لە بابەتی زمانی کوردی بۆ بابەتەکانی تریش بە هەمان شێوە ، وە دەبێ شێوازی فێرکردن بگونجێ لەگەڵ تایبەتمەندی بابەتەکە، بۆ ئەوەی شێوازی فێرکردن باش و گونجاو بێت پێویستە ڕەچاوی ئەم بنەمایانە بکرێت :-

1- یەکێك لە بنەماکان پێویستە کە مامۆستا پەیرەوی بکات و لەبەر چاوی بگرێت لە کاتی وانە ووتنەوەکەیدا، بۆ قوتابیەکانی ڕوون بکاتەوە کە شێوازی وانە ووتنەوەکەی چۆنە بە چەند هەنگاوێك دەربیبڕێت وەك ( هەنگاوی یەکەم بریتیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکە، هۆکارەکانی فێرکردن وەك پرۆگرام و ماجیك و داتا شۆو یان هەر شتێکی تر بۆ ئەوەی بتوانێت بابەتەکە بگونجێنێت لەگەڵ ژینگەی وانە ووتنەوەکە.
2- دەبێت مامۆستا ڕۆڵێکی کارایی هەبێت بەوەی کە پابەندی ئەو پلانە بێت کە دایناوە بۆ بابەتەکەی ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت خۆی بۆ هەر شتێك ئامادە بکات کە لەناکاو ڕوودەدات و پلانی بۆ دانەناوە .
3- پێویستە بنەمای  فێرکردن و فێربوون هەبێت لە ناو پرۆسەی وانە ووتنەوەدا وەك ( دووبارەکردنەوە، بوونی پاڵنەر بۆ فێرکردن وە بەکارهێنانی پاداشت و سزا لە کاتی خۆیدا .
4- تا بکرێت ناوەڕۆکی بابەتەکە بە شێوەیەك بێت کە بتوانرێت ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی تیادا بکرێت ، واتا بە شێوەیك ڕێك بخرێت کە یارمەتیدەر بێت بۆ قوتابی .
5- لەکاتی فێرکردنی بابەتەکاندا دەبێت ڕەچاوی ڕێکخستنی بابەتەکان بکرێت بەم شێوەیە ( چەمکەکان، بۆچوونەکان ، بەهاکان ، کارامەیی ، چارەسەرکردنی گرفتەکان .......
6- کرداری فێرکردن کاریگەریەکەی باشترو چاکتر دەبێت ئەگەر بێت و  قوتابی بەشداری بکات لەکاتی پرۆسەکەدا واتا ڕۆڵێکی کارایی هەبێت نەوەك بەتەنها گوێگر بێت .

پێویستیمان بە شێوازەکانی وانە ووتنەوە .

ئەو شێوازانەی کە ئێمە پێویستمانە بۆ فێرکردن و فێربوون شتێکی روون و ئاشکرایە چونکە ژیانی مرۆڤ بەرەو پێشکەوتن و ئالۆزیە ، کەواتە مرۆڤ پێویستی بە وەیە کە ئەوەی لەلا روون و ئاشکرابێت کە ئەو شێوازانەی پێشتر یان دوێنی بەکاری دەهێنان ئەمرۆ ناتوانێت بەکاریان بهێنێت، لەبەر جیاوازی دوێنی لەگەل ئەمرۆ وە هەروەها گۆرانکاری لە داواکاری و پێداویستیەکان .

وە ئەمەش لەسەر هەموو پیشەیەکدا جیٚ بەجیٚ دەبێت نەوەك تەنها یەك پیشە، بەلام لە هەموویان زیاتر لەسەر پیشەی مامۆستایەتی دا جیٚ بە جیٚ دەبێت، لە کۆنەوە پیشەی مامۆستایەتی بەم شێوەیە بوو فێرکردن پیشەی ژیان بوو مرۆڤی سەرەتایی لە رێگای لاساییکردنەوە فێری شتەکان دەبوو کور لاسایی باوکی دەکردەوە شتی لێوە فێر دەبوو، وەم کچیش لاسایی دایکی دەکردەوە بۆ جیٚ بە جیٚ کردنی ئەرکی مالەوە.

بەلام لەگەلٚ ئەوەی کە ژیانی مرۆڤ بەرەو فراوانی رۆیشت وەداواکارییەکانی ژیانیش فراوانتر بوون وە لق و پۆپی لیٚ بۆوە بە شێوەیەك بینیمان کە شێوازی لاسایی کردنەوە شێوازێکە بەتەنها ناتوانێت هەموو داواکارییەکانی تاك لە ناو کۆمەلگادا جیٚ بە جیٚ بکات ، کەواتە پێویستیمان بە چەند کەسانێك هەیە بۆپرۆسەی فێرکردنی قوتابی ، بۆیە پێویستە لەسەر مامۆستا هەولٚ و ماندوبونێکی زۆر بدات بۆ پەروەردەوە فێرکردنی قوتابی بە شێوەیەکی باش و تەندروست . وە لەهەمان کاتدا پێویستە لەسەر دایك و باوك هاوکاریەکی باشی مامۆستا بن بوئەوەی بەیارمەتی ئەوان و لایەنە پەیوەندی دارەکانی تر بتوانرێت تارادەیەك پێداویستیەکان دابین بکرێت بۆ ئەوەی تاکێکی دەروون دروست بەهەم بێت .

ئەساسیەتی وانە ووتنەوە.

ئایا وانە ووتنەوە زانستە یان هونەرە؟

وانە ووتنەوە کردارێکە دوو لایەنی هەیە، لایەنێکی زانستیە و لایەنەکەی تریشی هونەریە ، لایەنە زانستیەکەیە تیۆریە وە لایەنە هونەریەکە پراکتیکیە ، واتا وانە ووتنەوە بۆ مامۆستا بەتەنها پێشکەشکردنی زانست و زانیاری نیە ، بەلٚکو لەگەلٚ ئەمانەشدا هەندیٚ بناغە هەیە پێویستە لە مامۆستادا بوونی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو زانست و زانیارییەی کەهەیەتی بگەیەنێت بە قوتابیەکانی ، کە خۆی لە شارەزاییەکانی مامۆستا دەبینێتەوە

**سەبارەت بەو زانستەی کەهەیەتی و بەدەستی هێناوە لەر ێگای بیرکردنەوەو تاقیکردنەوەو وە باوەریشی پێ هەیە بەکاری هێناوە لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا .**

**وە هونەری وانە ووتنەوە ئەو شارەزایی و بەهرانە دەگریتەوە کە مرۆڤ بە دەستیان دەهێنێت لەر ێگای ئامادەباشی هزری و جەستەیی بۆ بابەتەکە ، جا بابەتەکە هەر جۆرێك بێت (زانستیەکان ) بێت یان ( مرۆڤایەتیەکان ) بێت ، بۆ نموونە ئەو راستی و بیردۆزو یاسایانەی هەر یەك لە بابەتی کیمیا و فیزیا پێگەیشتوون لەر ێگای بیرکردنەوەو لێکدانەوەی چەندین جارەی لیکۆڵەوەرەکانیەوە بەدەست هاتووە ، بەهەمان شێوە ئەگەر بێت و سەیری بابەتی مۆسیقا و زمانی کوردی و رێنمایی هتد ... بکەین ئەوا دەبینین هەر یەك لەئەوانیش لە کۆمەڵێك بیردۆز بابەت و تیۆرو کۆڵەگە پێك هاتوون کە لەر ێگای بیرو هزری مرۆڤەکان بۆ ئەو بابەتانە هاتونەتە کایە وە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەرچاوەی هەموو زانستێك مێشکە .**

**جا مەبەستەکە لێرەدا ئەوەیە پێویستە لەسەر مامۆستای بابەتەکە هونەری وانە ووتنەوەکەی بەکاربێنێت بۆ بە دەست هێنانی ئامانج لە ووتنەوەی وانەکەیدا .**

**کەواتە هونەری وانە ووتنەوە / رەنگدانەوەی ئەو کارامەو زانستەیە کە مرۆڤ هەڵدەستێت بە ئەنجام دانیان لە رێگای ئامادەباشیەوە بۆ بابەتەکە .**

**بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا کە باسمان کرد نابێت رۆڵی حەزوو ئارەزوو پشت گوێ بخەین، دەتوانین بڵێن سەرچاوەی سەرەکیە بۆ هونەری وانەووتنەوەکە، بۆنموونە وانەیەکیان داوە بە مامۆستایەك کەلەگەڵ حەزوئارەزووی خۆیدا ناگونجێت ئەمەش تارادەیەك وا دەکات کە سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت بە شێوەیەکی بەرچاو لە کارەکەیدا. بەم شێوەیە بۆمان بە دیار دەکەوێت کە زانست و هونەر دووشتی جیاواز نین بەڵکو هەردووکیان دوو رووی یەك شتن کە یەکێکیان لایەنی تیۆریە و ئەوی تریشیان لایەنی پراکتیکیە .**

**کۆڵەگەکانی هونەری وانە ووتنەوە .**

**هونەری سەرکەوتن لە هەر کارێکدا دەکەوێتە سەر چەند کۆڵەگەیەك ، سەرکەوتن لە هونەری وانە ووتنەوەدا دەکەوێتە سەر دوو کۆڵەگە کە ئەمانەن :-**

1- **بەهرەی سروشتی .**
2- **وەرگرتنی زانست و زانیاری و راهێنان کردن لەسەریان .**

**نمونە / گۆرانی گوتن پێویستی بەبەهرەی دەنگ هەیە وەلەگەڵ وەرگرتنی زانستی مۆسیقا بۆ بەرەو پێش بردنی بەهرەی دەنگ خۆشیەکەی .**

1- **بەهرەی سروشتی / لە ئەمانە پێکهاتووە ( کەسایەتی بەهێز، دەنگ، توانستی ئاسانکردن و روونکردنەوە، دەربرین، کۆنترۆڵی دەروونی ..... ) .**

- **کەسایەتی بەهێز / بریتیە لە سیفاتی خودی تاك ، کەوا دەکات تاکەکە خۆشەویست بێت و لەهەمان کاتیشدا رێزی لێ دەگیرێت و گرێرایەلیشی دەبن. هێزی کەسایەتی لە هەڵوێستی وانە ووتنەوەدا ئەوە ناگەیەنێت کە مامۆستاکە لەش ولارێکی بەهێزو بەتوانای هەبێـت وە دەنگێکی زۆر توندو تیژی هەبێـت یان بالآی بەرز بێت ...هتد بەلآم هێزی کەسایەتی ئەوە دەگرێتەوە کە مامۆستاکە جوانترین شێواز هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی قوتابیەکان بۆ خۆی رابکێشێت وە لە خۆی نزیك بکاتەوە وایان لێ بکات گوێگرێکی باشی بن .**
- **دەنگ / مەبەستمان لێ روون و ئاشکرای و نەرم ونیانی ومام ناوەندی دەنگی مامۆستایە لەلایەن قوتابی ، واتا دەنگەکە بەجۆرێك نزم نەبێـت کەقوتابی ماندو ببێت یان بەجۆرێك بەرز نەبێـت کە بێزاربێت. بەلآم هەندێك جار پێویستە تۆنی دەنگی لەهەندێ کاتدا بەرز بکاتەوە بۆ بەئاگا هێنانەوەی ئەو قوتابیانەی کە ئاگایان لە وانەکە نیە و هەوڵ دەدەن کەش و هەوای ناوپۆلەکە تێك بدەن یان بەمەستی دەست نیشان کردنی لایەنە گرنگەکانی بابەتەکە گەیاندنی زانست و زانیاریەکە بەقوتابیان .**
- **توانستی روونکردنەوە وئاسانکردن / مەبەستمان لەبەهرەو کارامەیی مامۆستایە کە بتوانێـت بابەتەکە روونو ئاشکرا بکات بە شێوەیەکی سادەو ساکار راستیە زانستیەکان پێشکەش بە قوتابیەکان بکات تارادەیەك ئاسانکاری بکات بۆ قوتابی لەوەرگرتن و تێگەیشتنی بابەتەکە .**
- **دەربرین / واتا دەربرینی پیتەکان بە شێوەیەکی دروست و دوورکەوتنەوە لە کەم وکورتیەکانی دەربرین (التا التا ، الفأ الفأ ) یان زمانگیران ، یان لەسەرخۆی لەقسە کردندا یان زۆر خێرای لەقسە کردندا کە**

زۆرجا ردەبێــتە هۆی ئەوەی کە پیت و برگەکان دەرنەبرین کە ئەمەش وادەکات بابەتەکە بەباشی نەگات بە قوتابی .

- کۆنترۆڵکردنی دەروونی / هەندێ سیفات هەیە لە مامۆستادا کەیارمەتی دەدات لەگەیاندنی بابەتەکەی بۆ قوتابیەکانی لەوانە نەرم ونیانی، دان بەخۆداگرتن، ئامادەباشی، واتا مامۆستا بتوانێـت هەڵس و کەوت بکات لەگەڵ قوتابی کاتێ کە تووشی تەنگ و چەڵەمەو رووداوی لەناکاو دەبێــتەوە لەناو پۆلدا .

2- وەرگرتنی زانست و زانیاری و راهێنان کردن لەسەریان .

پێویستە لەسەر مامۆستا ئەو بابەتەی کە دەیڵێتەوە شارەزایەکی باشی هەبێـت لەسەر بابەتەکە بەردەوام زانست وزانیاری وەربگرێت لەسەر بابەتەکە، چونکە بوونی ئەمانە یارمەتی دەدات بۆ فێرکردنی قوتابیەکانی بە شێوازێکی تەواو بەتوانایەکی دیاریکراو .

هەر مامۆستایەك ئەگەر بێـت و وا بیر بکاتەوە کە ئەو بابەتانەی کە لەناوبەرنامەی خوێندندا هەیە بەسە بۆ فێرکردنی قوتابی ئەوا سەرکەوتنی ئەو مامۆستایە سنوردار دەبێـت. لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر مامۆستا بەردەوام هەوڵ بدات بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری تازە لەسەر بابەتەکەی بەدواداچوون بۆ بابەتەکەی بکات کە ئەمانە یارمەتی دەدەن بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە و سوودگەیاندنی زیاتر بە قوتابی .

بنەما گشتیەکانی وانە ووتنەوە .

دوو بنەمای گشتی سەرەکیمان هەیە لە وانە ووتنەوەدا کە ئەمانەن :-

1- گرنگی دان بە تێگەیشتن و پیٚ گەیاندن .

پێویستە لەسەر مامۆستا گرنگی بدات بە تیٚ گەیشتن و پیٚ گەیاندنی قوتابیەکانی نەوەك لەبەرکردنی بەبەغائی ، چونکە لەبەرکردن بەبیٚ تیٚ گەیشتن هیچ سوودێکی نابێت بۆ قوتابی ، هەروەها لەبەرکردن بەبیٚ تیٚ گەیشتن زیانی هەیە لەبەر ئەوەی حەزی گەران بەدوای پێداویستیەکان دەکوژێت و وادەکات قسە بکات بەبیٚ بیرکردنەوە.

ئەرکی مامۆستا ئەوەیە کە هەڵبستێت بە دروست کردنی رەوشتی باش و چاکردنی لایەنی دەروونی قوتابی لە رێگای وانەووتنەوەکەیدا، واتە گەشە پێدانی لایەنی ئاکاری قوتابی لەکاتی وانەکاندا ئەرکی مامۆستایە بەگشتی نەك بەتەنها ئەو بابەتانەی کە باسی ئەم لایەنە دەکەن، وە هەروەها گەشە پێدانی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی ، بە شێوەیەك بەستنەوەی بابەتەکە بە بوارە جیاجیاکانی ژیان .

2- گرنگی دان بە فێرکردنی لایەنی تایبەت بە قوتابی .

ئەم بنەمایە بناغەیەکی سەرەکی و راستیە بۆ دەستورە گشتیەکانی وانە ووتنەوە کە پێویستە مامۆستا رەچاویی بکات لە هەموو وانەکاندا بەیەك شێوە، واتا جەخت کردنەوە لەسەر لایەنە تایبەتیەکانی قوتابی و هۆشیارکردنەوە لێیان .

گرنگترین دەستورە گشتیەکان .

لە گرنگترین دەستورە گشتیەکانی وانە ووتنەوە ئەمانەن :-

1- پێویستە بابەتەکان لە ئاسانەوە دەست پیٚ بکات بۆ گرانەکان، وە پێویستە لەسەر مامۆستای زیرەك سەرەتا بە بابەتە گرانەکان دەست پیٚ نەکات بەڵکو پێویستە لەئاسانەکانەوە دەست پیٚ بکات دوای بەرەو گرانەکان بروات بۆ هەر بابەتێك ، بۆیە پێویستە ئەم دەستورە بگرینە بەر لە هەموو وانەکاندا بۆ ریزکردنی راستیەکان وەدەست پێکردنیان لە ئاسانەوە بۆ گرانەکان .

2- پێویستە لەکاتی وانەووتنەوەدا مامۆستا لەو شتانە دەست پیٚ بکات کە ناسراون دوای بۆ نەناسراوەکان یان لە هەستەکانەوە بۆ رووتەکان، لەبەر ئەوەی دەستووری یەکەم لەئاسانەوە بۆ گران بوو کەواتە پێویستە لەسەرمان لەکاتی پێشکەشکردنی بابەت دا ئەو بابەتانە بخەینە رووکە هەستیارە لەلای

قوتابی واتا خۆی دەتوانێت بیانبێنێت و درکیان پێ بکات بە چاوی خۆی و بەدەستی خۆی لە پاشاندا پێشکەشکردنی بابەتە رووتەکان .

3- پێویستە مامۆستا هەڵبستێت بە دەوڵەمندکردنی وانەکە بو سوود وەرگرتن لە حەزو ئارەزووی قوتابیەکان وە ئاگادارکردنەوەیان لەکاتی وانەکەدا کە ئەمە رێگایەکی باشە بۆ دەروون و مێشکی قوتابی ، وە سەرکەوتنی مامۆستا دەوەستێتە سەر رادەی تێگەیشتنی قوتابی سوودمەندبوونیان لە زانیاری و راستیەکان لەرێگای راکێشانی سەرنجیان بۆ وانەکە چونکە ئەمە بناغەی یەکەمە بۆ تێ گەیشتن .

4- پێویستە راستیەکان سەرەتا بە شێوەیەکی گشتی پێشکەش بکرێت لە دوایدا دابەش بکرێت بەسەر بەشەکاندا .

بۆنمونە / ئەگەر بێت و بابەتەکەمان دەربارەی هەرزەکار بێت ، سەرەتا ئێمە روونکردنەوەیەك دەدەین لەسەر هەرزەکار، لە دوایدا پێناسەی ئەم قۆناغە دەکەین، ئینجا باسی گرنگترین گۆرانکاریەکانی ئەم قۆناغە دەکەین لەرووی جەستەی و دەروونی و ژیری ، لە دوایدا باسی ئەم لایەنانە دەکەین کە زۆر کاریگەریان هەیە لەسەر هەرزەکاردا، وە گرنگترین داواکاریەکانی گەشە لەم قۆناغەدا چین ، لە پاشاندا گرنگترین ئەو گرفتانەی کە رووبەروویان دەبێتــەوە وچۆنیەتی چارەسەرکردنیان، وەهەروها چۆنیەتی مامەڵەکردنی گونجاو لەگەڵیان ئیتر بەم شێوەیە .....

5- پێویستە وانەکان بەیەك ببەستینەوە وە بە جۆرێك رێکیان بخەیەن کە هەریەکەیات تاکید لەسەر ئەویتریان بکاتەوە، پێویستە مامۆستا وانەی پیشوو بە وانەی تازە ببەستێــتەوە والە قوتابی بکات کە هەموو بابەتەکان پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، وە جەخت کردن لەسەر ئەو بابەتەی کە قوتابی زیاتر حەزی لێیەتی .

6- پیویستە مامۆستا ئاگاداری مێژووی پێشکەوتنی بابەتەکە ببێت و بیگەیەنێت بە قوتابیەکانی ، بۆ نمونە لەبابەتی دەروونزانی گشتیدا سەرەتا پێویستە باسی هەوڵی ئەو زانایانە بکات کە کاریان کردوە بۆ ئەم زانستە لە رێگای قوتا بخانەکانی دەروونزانیدا .

7- دیاریکردن و هەڵبژاردنی بابەتەکانی وانەووتنەوە بۆ قوتابی کە پێویستی بە چاودێری و بیرکردنەوەی مامۆستایە لە هەڵبژاردنی شێوازی وانە ووتنەوەو گرنگی دان بە تێگەیشتنی قوتابیەکان و ، وەباشترین رێگا بۆ ئەمە ئەوەیە کە مامۆستا هەڵبستێت بە پوختکردنەوەی بابەتەکە .

8- پێویستە مامۆستا دەست بە وانەکە نەکات تاوەکو ئارامی و ئاسوودەی بەرجەستە دەبێت لە پۆلەکەدا، زۆرێك لەمامۆستایانمان هەیە کە دێنە پۆل زۆر توورەن یەکسەر دەست بە وانەکە دەکەن ، بەلاَم مامۆستای زیرەك و لێهاتوو ئەوەیە کە پێش دەستکردن بەوانەکە پۆلەکە رێك بخات و کاتێك بینی کە قوتابیەکان ئامادەن ئینجا دەست بکات بە وانە ووتنەوەکەی .

9- پێویستەمامۆستا لەناو پۆل زۆر هاتوچۆ نەکات ، واتا هاتوچۆکردنی مامۆستا زیاد لە پێویست یان وەستانی لە یەك شوێن یان دانیشتن بەدرێژایی وانەکە ، ئەمە دەبێت هۆی ئەوەی کە بەشێك لەقوتابیەکالن ئاگایان لەوانەکە نەمێنێت ، بۆیە پێویستە مامۆستا هاتوچۆبکات جارجارە بۆئەوەی سەرنجی قوتابیەکان بۆ وانەکە رابکێشێت .

10- پرسیار ئاراستەی قوتابیەکان بکە وەلأمیشیان لێ وەربگرە ، پرسیارەکەیان ئاراستە بکە بۆ ئەوەی هەمویان هەوڵی وەلأم بدەن وە وەلأمە راستەکە دەست نیشان بکە .

11-تا بابەتێك تەواو نەکەی مەچۆرە سەر بابەتێکی تر چونکە ئەمە وادەکات کە قوتابیەکان تێ نەگەن لەبابەتەکە و وە ناتوانن پەیوەندی دروست بکەن لەنێوان بابەتەکاندا .

12-وانەی باش ئەوەیە کە بە قوتابی دەست پێ بکات و بە قوتابیش کۆتای پێ بێت، واتا بەشداریکردن هەبێت لە نێوان مامۆستاو قوتابی دا، واتا دەبێت قوتابی چالاکی و رەنگدانەوەی لەوانەکەدا هەبێت .

13-دوورکەوتنەوە لە کەمکردنەوەی هیمەتی قوتابی ، واتا رۆڵی مامۆستا زۆر گرنگە لەسەرکەوتن و کەوتنی قوتابیدا، هاندانی قوتابی لەلایەن مامۆستا زۆر گرنگە کەوادەکات هەوڵ بدا بۆ سەرکەوتن .

**هۆكاری یارمەتیدەر بۆ دیاریكردنی شێوازی وانە ووتنەوە .**

**چەند هۆكارێك هەن كە سەرەكین و یارمەتی دەرن بۆ دیاریكردنی شێوازی وانەووتنەوە لە گرنگترینیان :-**

1- **سروشتی قوتابی .**

**لە سروشتی قوتابیدا دەست نیشانی لایەنی ژیری و حەزو ئارەزووی قوتابی دەكرێت ، واتە ئەگەر مامۆستا سروشتی قوتابی بزانێت ئەوا بە ئاسانی دەتوانێت هەڵس و كەوتی لەگەڵ بكات ، وە سروشتی قوتابی دەگۆرێت بە پێی گۆرانی قۆناغەكانی . وە پێویستە مامۆستا شێوازی جیاواز لەگەڵ قوتابیەكانی بەكار بێنێت بۆ ئەوەی بزانێت قوتابی چی پێویستەو چی دەوێت لە رووی جەستەیی و ژیریەوە .**

2- **سروشتی بابەتی خوێندن و ئامانجەكانی پەروەردەیی .**

**سروشتی بابەتەكە وات لێ دەكات كە سنوورێك بۆ بابەتەكە دابنێت ، دوو شێوازمان هەیە بۆ سروشتی بابەتەكە ئەوانیش بریتین لە :-**

أ- **شێوازی لۆژیكی / ئەم شێوازە گرنگی دەدات بە رێكخستن و دیاریكردنی بابەتەكە بە شێوازێكی ژیری و لۆژیكی ، وە مامۆستا رۆڵی سەرەكی هەیە لەم شێوازەدا بۆ رێكخستنی بابەتەكە، وە رەچاوی دەستور یاساكان دەكات لە كاتی پێشكەشكردنی بابەتەكە تاوەكو فێركردنەكە فێركردنێكی باش بێت وە ئەم شێوازە سنووردارە ناتوانێت لێ دەربچێت . ئەم شێوازە لەبەشەكانەوە دەست پێدەكات واتە لەبابەتە سادەوئاسانەكان بەرەو بابەتە زەحمەت و ئالۆزەكان دەچێت.وە ئەم شێوازە بەشێوەی پێشكەشكردن و ووتاریە** ( عرض و تلقین ) .

ب- **شێوازی دەروونی / لەم شێوازەدا پێویستە حەزو ئارەزوو و توانست و پێداویستیەكانی قوتابیان دەست نیشان بكرێت. لەم شێوازەدا پشت دەبەسترێت بە چالاكی و تواناكانی قوتابیان بە شێوەیەكی ئاسان، ئەم فێربوونەی كە بەم شێوەیە پێشكەش دەكرێت هەل بۆ قوتابی دەرەخسێنێ كە فێرببێت بەبێ بوونی مامۆستا .وە لەم شێوازەدا ئەم بابەتانە پێشكەش دەكرێن كە لەگەڵ تواناو چالاكی قوتابیدا دەگونجێت ، وە ئەم شێوازە لە شێوەی ئاراستەكردن و رێنماییدا خۆی دەبینێتەوە .**

3- **كەسیەتی و فلسەفەی مامۆستا .**

**لەو هۆكارانەی كە سروشتی وانە ووتنەوە دەست نیشان دەكەن كەسایەتی و فەلسەفەی مامۆستایە ، ئامانجی مامۆستا فێركردنی قوتابیەكانیەتی ، كە وایان لێ بكات بە دڵ گوێ بۆ بگرن تاكو بزانن مامۆستاكەیان چی دەڵێت و چی دیاری دەكات و و چی هەڵبژاردووە لە بابەتەكەدا . وە هەورەها چۆنیش دەریدەبرێت بۆ یان .**

وە مکانەتی مامۆستا لەوەدا خۆی نابینێـەوە کە وا زانیاریەکی زۆری پێ بێت چونکە لەوانەیە کەسی دیکەش هەبن زانیاریان زۆرپێ بێـت ، وە هەروەها خۆی لە رێکخستنی پرۆگرامەکەشیدا نابینێـەوە ، بەڵکو خۆی لەوەدا دەبینێتەوە پێویستە خۆی بگونجێنێـت لەگەڵ قوتابیەکانیدا وە چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دا دەکات ، چونکە داوای لێکراوە کە نەوەیەکی باش پەروەردە بکات کە دایك و باوکیان شانازیان پێوە بکەن و هەروەها بتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا کار دەکەن بەمەبەستی خرمەت کردنی کۆمەڵگاکەیان .

مامۆستا دەتوانێـت ئەم کارە ئەنجام بدات لە رێگای ئەم خاڵانەی لای خوارەوە :-

1- فرمان بەکاری چاکە بکات و رێگای باش نیشانی قوتابیەکانی بدات ، بۆ ئەوەی قوتابیەکانی گوێ رایەڵی بن دەبێـت خۆی سیفاتی باشی تێدا بێـت وە لە هەڵس و کەوتیدا رەنگ بداتەوە و بەقسەو بە کردەوە .
2- پێویستە زانست و زانیاری بدات بە قوتابیەکانی بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا ، وەئەوە بۆ قوتابیەکانی روون بکاتەوە کە هیچ شتێك سوودی نابێت بۆیان و ناتوانن جێ پە نجەی خۆیان دیاری بکەن بەبێ ئە نجامدانی کاری باش و چاك .
3- پێویست مامۆستاکە باش و نەرم ونیان بێـت لەگەڵ قوتابیەکانیدا تاوەکو ببێت بە نموونەیەکی باش بۆیان و لاسایی بکەنەوە .

ئەگەر هاتوو ئەم خالانە دابین کران ئەوە قوتابیەکان رێزی مامۆستاکەیان دەگرن و و گوێ رایەڵی دەبن رەنگدانەوەشی دەبێت لەسەریان .

**سیفاتی مامۆستا .**

هەندێك سیفات هەن کە دەبێـت لە مامۆستادا بونی هەبێـت، لەوانە نابێت هەموو شتێك باس بکات بەڵکو دەبێـت شتێك باس بکات کە زانیاری لەسەر هەبێـت، وەبەشێوەیەك بابەتەکە باس بکات کە قوتابی لێ تێ بگات، وەچەند سیفاتێکی تر هەن کە دەبێـت لە مامۆستا بوونیان هەبێـت لەوانە :-

1- پێویستە مامۆستا پۆشاکێکی گونجاوو رێك و پێك لەبەر بکات .
2- دەبێـت قسەو گوفتارکانی واتادار بێـت.
3- دەبێت هەڵ سوکەوتی رێکخراوو بێـت .
4- رێزی قوتابی بگرێت و تاوەکو پارێزگاری لە رێزی خۆی بکات .

5- پێویستە مامۆستا ئاگاداری خۆی بێت و چاودێری خۆی بکات ، لەبەر ئەوەی هەموو کەسێك چاودێری دەکەن تاوەکو تووشی هەڵە نەبێت .
6- پێویستە کاریگەری لەسەر قوتابی بەجێ بهێڵێت، تاوەکو قوتابیەکانی گوێ رایەڵی بن و سوود لە زانیاریەکانی وەربگرن.
7- پێویستە زانست و زانیاریەکی باش هەبێت دەربارەی بابەتەکەی خۆی .
8- خاوەن خوو رەوشتێکی باش بێت ، تاوەکو ببێت بە نمونەی سەرکردە بۆ قوتابیەکانی .

لایەنە هاریکارەکان لە پرۆسەی وانە ووتنەوەدا .

لە گرنگترین ئەو لایەنانەی کە یارمەتی مامۆستا دەدات بۆ ئەوەی بتوانێ ئامانجە گشتی و تایبەتەکانی لە قوتابیدا بەدەست بهێنێت ئەمانەی لای خوارەوەن :-

1- خودی مامۆستا / بە شێوەیەکی باش ئامادەکرا بێت لەرووی زانست و زانیاری وە لەگەڵ ئەمانەشدا حەزوئارەزوو توانست و ئامادەباشی هەبێت بۆ وانە ووتنەوە .
2- بوونی قوتابی / قوتابیەکە حەزوئارەزووی لە خوێندن بێت ، وەمامۆستاکەش شارەزایی لە سروشتی قوتابیدا هەبێت .
3- بوونی هۆکاری یارمەتیدەر بۆ پرۆسەی وانە ووتنەوە / بۆ ئەوەی باشترین دەرئەنجام لەلای مامۆستا بەدەست بێت و باشترین فێربوون لەلای قوتابی رووبدات ، پێویستمان بە دابین کردنی دوو هۆکارو لایەن هەیە کە ئەمانەن :-
- هۆکاری مادی .
- هۆکاری معنوی .

هۆکاری مادی وەك / بوونی شوین ، پۆلی وانە ووتنەوە.

- هۆکاری معنەوی / ئەم هۆکارە کاریگەیەکی ناراستەخۆی هەیە لە کرداری فێرکردن و پەروەردەکردندا ، ئەویش لەرەنگدانەوەی کەسایەتی مامۆستادا بەدیاردەکەوێت، لە چۆنیەتی گفتۆکردن و ئەو شێوازانەی کە بەکاریدەهێنێت لەکاتی ئاسایی و لەکاتی بوونی گرفتدا ، وە چۆنیەتی هەڵس وکەوت کردنی لەگەڵ

قوتابیەکانیدا . وە هەروەها شێوازی روونکردنەوەی بابەتەکەو شیکردنەوەی بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا ، وە حەزو ئارەزووی لەبابەتەکە بێت وە هەستی هاوبەشی هەبێت لە گەڵ قوتابیەکانیدا بۆ ئەوەی ببێتە رێنیشاندەرێکی باش بۆ قوتابیەکانی وە هەورەها بە دانایانە رووبەرووی ئەو گرفتانەبێتەوە کە لەناو پۆلدا روودەدەن تاوەکو بتوانێت چارەسەریان بکات، وە پەیوەندی هەبێت لەگەڵ خێزانی قوتابیەکان لەکاتی بونی گرفتدا بەتایبەتی بەمەستی چارەسەرکردنی .

لێهاتوویی لەوانە ووتنەوەدا .

بۆ پرۆسەی وانە ووتنەوە کۆمەڵێك لێهاتووی پێویستە کە گرنگترینیان ئەمانەن :-

1- پلان دانان بۆ وانە ووتنەوە .

لەبەر ئەوەی کرداری فێرکردن و فێربوون دەمانگەیەنێت بە جێ بەجێ کردنی ئامانج و مەبەستە بەرزەکان ، کەواتە ئەم کردارە پێویستی بە پلانێکی نوسراو هەیە، وە پێویستی بە ژیری و چالاکی دیاریکراو هەیە، هەر لەبەر ئەمەش مامۆستا پێویستی بە پلانێکی دارێژراو هەیە بۆ ئەو بابەتەی کە دەیڵێتەوە، وە پیشەی مامۆستاش وەکو هەموو پیشەکانی تر هەروەك چۆن پزیشکێك پێویستی بە پلانە پێش ئەنجامدانی نەشتەرگەری وە ئەندازیارێك پێویستی بە پلاندانە پێش جی بەجێکردنی پرۆژە ئەندازەییەکانی .

بۆیە پێویستە تیشك بخەینە سەر ئەو بابەتانەی لای خوارەوە.

پێناسەی پلانی وانە ووتنەوە / بریتیە لە کۆمەڵێك کردا رکە مامۆستا پێ هەڵدەستێت بە مەبەستی بە دەست هێنانی سەرکەوتن لە پرۆسەی فێرکردن و فێربوون و جێ بەجێ کردنی ئاما نجەکان .

گرنگی و سودەکانی پلان دانان .

بیرو رای جیاواز هەیە لەسەر دانانی پلان بۆوانە ووتنەوە ، هەندێك دەڵێن بۆ سەرکەوتن لە پرۆسەی فیرکردن و فێربوون پێویستە مامۆستا پلان دابنێت، بەلآم بە نەبوونی پلان مامۆستا سەرکەوتوو نابێت لە کارەکەی . بەلآم بۆچوونێکی تر هەیە دەڵێت پێویست ناکات مامۆستا پلان دابنێت لەبەر ئەوەی کتێب هەیە بۆچی دووبارە مامۆستا بابەتەکان لەسەر دەفتەر بنوسێتەوە بە شێوەی پلان دایبرێژێتەوە، بەلآم لەگەڵ بوونی ئەم بیرو بۆچوونە جیاوازانەش پلان دانان گرنگی خۆی هەیە ، کە لەم خالآنەی لای خواروە رەنگ دەداتەوە :-

1- یارمەتی مامۆستا دەدات بۆ ڕێکخستنی زانست و زانیارییەکانی وە دیاریکردنی ئامانجەکانی فێرکردن و دارشتنیان بە شێوەیەك بتوانین تێبینی بکەین ، بۆ جیّ بەجیّ کردنی ئامانجەکانی فێرکردن و شێوازی وانەووتنەوەو هۆکارەکانی فێرکردن ، وە هەڵسەنگاندنی گونجاو بۆ زانینی رادەی جیّ بەجیّ کردنی ئامانجەکان .

2- یارمەتی مامۆستا دەدات بۆ دوورکەوتنەوە لەهەڵە لەکاتی وانە ووتنەوەکەیدا، وە دووری دەکاتەوە لە هەڵوێستی نارەحەت کە روودەدات لە رووانگەی بیّ پلانی وە هەروەها دووری دەکاتەوە لە تێکچوون و شڵەژان و کۆنترۆڵ نەکردنی ناو پۆل و سەرنەکەوتنی لە چالاکیەکانی فێرکردن .

3- دەبێتــە هۆی ئەوەی کە مامۆستا ریزی خۆی بەدەست بێنێـت لەلای قوتابیەکانی و پارێزگاری کردن لیّ لەهەمان کاتدا ، بەشێوەیەك قوتابیەکان لێکدانەوە بۆ مامۆستاکەیان دەکەن کە دڵسۆزە بۆ کارەکەی و بەردەوام هەوڵی پێشکەوتن دەدات دەربارەی بابەتەکەی . وە هەورەها لەرێگای پلانەوە مامۆستا دەتوانێت فیدباك بۆ قوتابیەکانی بەکاربێنێـت.

4- رۆڵی هەیە لە پێشخستنی لایەنی پەروەردە بە شێوەیەکی گشتی و دانانی تاقیکردنەوەکان لە قوتابخانەو پێشخستنی ، وە پێشخستنی رێژەی فێربوون و دیاریکردنی خاڵە لاوازو کەم وکوریەکان .

5- یارمەتی سەرپەرشتیاری پەروەردەی دەدات کە لەرێگایەوە هەڵسەنگاندن بۆ مامۆستاکە بکات .

2- ئامانجی گشتی و ئامانجی تایبەت .

ئامانجی گشتی لەهەموو جیهان هەمان شتە کە بریتیە لە پەروەدەکردنی تاك، کە ئەمەش لە رێگای پرۆسەی فێرکردن و فێربوونەوە جیّ بەجیّ دەکرێت، کە ئامانجیان پەروەردەکردنی تاکێکی تەندروستە .

بەڵام ئامانجی تایبەتی دەگۆرێت بە پیّ وولات و بارودۆخی وولاتەکە ، هەر شوێنەو ئامانجی تایبەت بە خۆی هەیە .

سیفەتەکانی ئامانجی گشتی /

ئامانجی گشتی بەم سیفەتانەی لای خوارەوە جیا دەکرێتەوە کە ئەمانەن:-

- درێژخایەنە.
- ناتوانین بەئاسانی جێ بەجێ بکرێت.
- ناتوانین بەئاسانی پێوانەی بکەین .
- نەگۆرن .

سوودی ئامانجی گشتی بەوەی کە نەگۆرە ئەمانەی خوارەوەیە :-

- ئامادەکردنی هاولاٚتیەکی چاك .
- گرنگی دان بەتاك وەك بوونی خۆی .
- گرنگی دان بە هەموو لایەنەکانی تاك .

سیفەتەکانی ئامانجی تایبەت /

ئامانجی تایبەت بەم سیفەتانەی لای خوارەوە جیا دەکرێتەوە کە ئەمانەن :-

- کورت خایەنە.
- دەتوانی بەئاسانی جێ بەجێ بکەین.
- دەتوانین بە ئاسانی پێوانەی بکەین .
- گۆراوە .

ئامانجی تایبەت دەگۆرێت بە پێ باروذۆخی سیاسی و کۆمەلاٚیەتی و ئابووری .

پۆلینکردنی ئامانجی تایبەت :-

1- ئامانجی نەتەوەیی / هەموو میلەتێك ئارەزوو دەکات نەوەکانی پەروەردە بکات لەسەر خۆش ویستنی نەتەوەیی.
2- ئامانجی تەندروستی / بە پێ باروذۆخی تەندروستی لەکاتی ئێستادا ، ئامانجەکە دادەرێژرێت و هەوڵی جێ بەجێ کردنی دەدرێت .
3- ئامانجی دژایەتی بیروباوەری کۆن وخراپ یان پوچەڵ و ناراست .

پلانی رۆژانەی وانە ووتنەوە .

مامۆستای لێهاتوو ئەو مامۆستایەیە کە گرنگی بە ئامادەکردنی بابەتەکەی دەدات بەتایبەتی ،بۆ ئەوەی هەڵبستێت بە ئەنجام دانی کارەکەی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو، وەئەم کارەش بۆ مامۆستایەك کە چەند ساڵێك بێت وانە بڵێتەوە ئاسانترە ، بەلام بۆ ئەوانەی کە تازەن ئەوا پێویستیان بە توانایەکی باش دەبێت وە هەروەها دەبێت بە پێ ناوەرۆکی بابەتەکە پلانەکە دابرێژن .

کاتێك مامۆستا پلانێکی رۆژانەی رێکخراو دادەنێت ئەوا رەچاوی هەموو هەنگاوەکان دەکات و وە پێوانەیان دەکات پێش ئەوەی دەست بە پرۆژەکە بکات، بۆ ئەوەی بگات بە ئامانجەکانی ئەمەش ئاماژەیە بۆ سەرکەوتن لە کارەکەیدا، وە هەورەها دوورکەوتنەوە لە کۆسپ و گرفت وە لە هەمان کاتدا دوورخستنەوەی بێزاری لەلای قوتابیاندا ئەمەش وادەکات کە هەستی دڵنیای و جێگیری لەلای مامۆستا دروست ببێت.

پلانی رۆژانەی وانە ووتنەوە جیاوازە لە پلانی ساڵانە ، چونکە پلانی رۆژانە زیاتر پێویستی بە روونکردنەوەو بریاردانە وە هەروەها نزیکە لە واقع وە لەهەمان کاتدا دەگۆرێ بە پێ گۆرانی ناونیشانی بابەت و ناوەرۆکی بابەتەکە.

چۆن پلانی وانەووتنەوەی رۆژانە ئامادە دەکەین؟

پێویستە هەموو مامۆستایەك ئەوە بزانێت کە ئامادەکردنی بابەتێك ئەوە نیە کە مامۆستا خۆی پێ ببەستێتەوە لە رووانگەی چالاکیەکانی و هەڵسوکەوتەکانی لە کاتی وانە ووتنەوەکەیدا، بەلام دەتوانین بڵێین پلانی رۆژانە بریتیە لە چوارچێوەیەك و رێنیشاندەرێك بۆ مامۆستا لەهەر هەنگاوێك کە دەیگرێتە بەر لە وانە ووتنەوەکەیدا بەشێوەیەکی رێزبەندی و رەچاوکردنی لایەنی دەروونی و لۆژیکی .

پلاندانانی وانەووتنەوەی رۆژانە لە ئەمانەی لای خوارەوە پێك دێت :-

1- مێژووی ووتنەوەی وانەکە.
2- ناونیشانی بابەتەکەو دەست نیشانکردنی لاپەرەکە لە کتێبەکە.

3- ڕێزبەندی کردنی بابەتەکانی وانەکە لە بەرنامەی ڕۆژانەدا .

4- ئەو پۆلەی کە وانەکەی تێدا دەوترێتەوە، ئایا قوتابیان لە پۆلن یان لە ژینگەی دەرەوەن یا تاقیگەیە یان سەردانیکردنی ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە.

5- ئەو ئامانجەی کە مامۆستا دەیەوێ جێ بەجێیان بکات لە بابەتەکە ئەمەش لە ڕێگەی چەند پرسیارێکەوە دەبێت کە ئەمانەن :-

- ئایا مەبەستمان چیە لە زانینی زانستی و ڕاستیەکان و چەمکەکان .
- ئایا مامۆستا گرنگی دەدات بە تەواوی زانینی کارامەییەکان .
- ئایا ئامانجەکان دەگونجێن لەگەڵ ئاستی قوتابی .
- ئایا دارشتنی ئامانجە تایبەتیەکان دەتوانرێت ببینرێت و پێوانە بکرێت .
- ئایا ئامانجە دیاریکراوەکان ڕوون و ئاشکران ؟

نمونەیەك لە پلانی ڕۆژانەی بۆبابەتی کۆمەڵایەتی .

| ڕۆژو بەروار | پۆل | بابەت | بابەتی وانەووتنەوەکەو شێوازەکەی |
|---|---|---|---|
| 2021 /2/25 | 7 بنەرەتی | کۆمەڵایەتی | شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان<br>1- ئامانجی گشتی.<br>شارەزاکردنی قوتابیان بە شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان.<br>2- ئامانجی تایبەتی وانەووتنەوەکە.<br>• ناسینی شوێنەوارە دێرینەکان لەلای قوتابیدا.<br>• زانینی قوتابی دەربارەی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناوچەکانی ئەم شوێنەوارانە.<br>• زانینی ژمارە شوێنەوارە دێرینەکان بە پێ ناوچەکان و مێژووکەیان.<br>• پێکەوەبەستنی وانەی ئەمرۆ لەگەڵ وانەی پێشوو<br>3- هۆکارەکانی روونکردنەوەو چالاکیەکان .<br>( ماجیك ، تەختە، نەخشە ).<br>4- شێوازی پێشەکەشکردن و گفتۆگۆکردن.<br>• مامۆستا هەڵدەستێت بە روونکردنەوەی بابەتەکە کە مەبەستمان چیە لە شوێنەوارە دێرینەکان و هێنانەوەی نمونە.<br>• هەڵسان بە پێناسەکردنی هەریەك لە شوێنەوارەکان و بە پێ ناوچەکانیان و مێژوەەکەیان.<br>• بەکارهێنانی نەخشە بۆ زیاتر ئاشناکردنی قوتابیەکان بە ناوچەکانی ئەوشوێنەوارانە.<br>• نوسینی ناوی شوێنەوارەکان و ناوچەکانیان مێژووی دروست بونیان لەسەر تەختەکە.<br>5- هەڵسەنگاندن .<br>• ناوی شوێنەوارەکان بژمێرە.<br>• کۆنترین شوێنەوار کامەیە.<br>6- ئەرکی ماڵەوە | | | |

**جۆرەکانی ڕێگاکانی وانە ووتنەوە .**

**یەکەم / ڕێگای** محاضرة .

**بە کۆنترین ڕێگای وانەووتنەوە دادەنرێت، کە مامۆستا ڕۆڵی سەرەکی تیادا دەبینێت ، وە پێویستە لەسەر قوتابی گوێ لەمامۆستا بگرێت وەکو ئامێریك کە ڕێگا پیێ نادرێت بۆ گفتوگۆکردن و بەشداری کردن لە وانەکە. وە مامۆستا چۆن وانەکەی بۆ قوتابی گەورە ئامادە دەکات بەهەمان شێوە بۆ قوتابی بچووکیش ئامادەی دەکات، بیێ گوێدانە ئاستی ژیری قوتابیەکەو زانیارییەکانی پێشووی قوتابیەکە.**

**هۆکارەکانی بەکارهێنانی ڕێگای** محاضرة .

**گرنگترین ئەو هۆکارانەی کەبوونەتە هۆکاری بەکارهێنانی ئەمانەی لای خوارەوەیە :-**

1- هەموو ئەوەی کە قوتابی پێویستی پێیەتی کە بیزانێت و کاری پێبکات ، ئەوا لەلای کەسێك دا بوونی هەیە ئەویش مامۆستایە ، وە مامۆستاکەش دەتوانێت هەموو ئەمانە بگوازێتەوە بۆ قوتابی .

2- سەیری پرۆسەی فێرکردن دەکرێت وەك ئەوەی کە بریتیە لە کۆکردنەوەی زانیاری کە قوتابی پێویستی پێیەتی لەکاتی ئە نجام دانی هەر کارێکدا ، کاتێك مرۆڤ لەدایك دەبێت هیچ زانیاریەکی پێ نیە دوای لەدایك بوونی زانیاری کۆ دەکاتەوە .

3- مامۆستا لەتوانای داهەیە زانیاری ببەخشێت بە قوتابی ، وە قوتابیش بەئاسانی وەریدەگرێت ئەگەر پێویستی پێ بێت، بەم شێوەیەش پێگەی مامۆستا لەلای قوتابی بەرزدەبێتەوە .

4- مرۆڤ دەتوانێت ئەو زانیاریانە بەدەست بێنێت کە نەوەکانی پێش خۆی بەدەستیان هێناوە ، وەبەم توانایەی کەهەیەتی بۆ وەرگرتنی زانیاری جیا دەکرێتەوە .

5- رێگای محاضرة لەگەڵ ئەم بنەمایە یەك دەگرێتەوە کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە قوتا بخانە هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی زانیاری بۆ قوتابی ، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر قوتابی هەوڵی فێربوونی بابەتەکان بدات کە مامۆستاکان فێریان کردوون .

6- بەم رێگایە دەتوانرێت سەد ( 100 ) قوتابی لەیەك هۆڵدا فێربکرێت، کەبەمەش لەهەموو رێگاکانی تر تێچوونی کەمترە ، چونکە هەریەك لە رێگاکانی تر ژمارەیەکی کەمی قوتابی و هۆڵی زۆرتریان پێیویستە .

7- توانای هەی لایەنی کۆمەڵایەتی قوتابی تێربکات ، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لەیەك پۆلدان بەمەش هاورێیەتی لە نێوانیان دروست دەبێت .

لایەنە خرا پەکانی .

لەکاتی هەڵسەنگاندن بۆ رێگای محاضرة ، هەندێك لەشارەزایان وای بۆ دەچن کە رێگایەکی بێزارکەرە وەهاندەری دەرخستنە ، وە زیان بەزیرەکی قوتابی دەگەیەنێت، وەئەم زانیاریانەی کە پێشکەشی دەکات دەکەونە ئاستی یەکەمی هەرەمی بلۆم کە بریتیە لەزانیاری و دەرخستن . وە مامەڵە لەگەڵ بەشەکانی بابەتەکە دەکات و پشتگوێ دیدی گشتی بۆ بابەتەکە دەکات ، وە هانی مامۆستا دەدات بۆ ئەوەی قوتابی وەکو ئامێرێك ببینێت کە دەتوانێت کاریگەریان لەسەر دروست بکات .

لایەنە باشەکانی .

لەگەڵ ئەوەی ئەم لایەنە خراپانەی هەیە، بەڵام شارەزایان چەند لایەنێکی باشیان لێ دەست نیشان کردیە ، وەکو :-

- کەمی تێ دەچێت لەرووی کات و پارە .
- پارێزگاری لە ڕێزبەندی بابەتەکان دەکات .
- زانیاریەکی زۆر دەبەخشێت بە قوتابی .

ڕێگای محاضرة بەوە جیا دەکرێتەوە کە شێوازی مامۆستا ڕاستەوخۆیە لە پرۆسەی فێرکردندا، وە یەك ئاراستەی هەیە بە مامۆستا دەست پێ دەکات و بە قوتابی کۆتایی پێ دێت ، وە شێوازی مامۆستا لەم ڕێگایەدا بەوە جیادەکرێتەوە کە هەڵدەستێت بە باسکردنی بابەتەکەی بۆ ماوەی پێنج (5) خولەك یان زیاتر بەبێ پچران ، وەهەندێك جار ڕوونکردنەوەیەکی کەم یان وەسف کردنێکی بچووك دەدات بۆ بابەتەکان، وە یاخود وەڵامدانەوەیەکی سەرپێ دەداتەوە بۆ پرسیارەکان .

ڕێکارەکانی چالاککردنی ڕێگای محاضرة .

لەکاتی بەکارهێنانی ڕێگای محاضرة مامۆستا دەتوانێت کاریگەرییەکەی زۆرتر بکات ئەگەر هاتوو ئەمانەی لای خوارەوەی جێ بەجێ کرد :-

1- بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێربوون کە یارمەتیدەرێکی باشن بۆ فێربوونەکە .
2- دابینکردنی کاتێکی باش بۆ ئامادەکردنی بابەتەکە ، کۆکردنەوەی زانیاری ، ڕێکخستنی بابەتەکە، دۆزینەوەی پاڵنەرەکان و هێنانەوەی نموونە بۆ بابەتەکە .
3- بەشێوەیەکی باش بابەتەکە بڵێتەوەو بە دەنگێکی بەرز بۆ ئەوەی هەمووان گوێیان لێی بێت، وە دەربڕینی تەواو بۆ پیتەکان بکات ،وە بەکارهێانی چەمکی ڕوون و دیار .
4- ڕێکخستنی بیرۆکەو زانیارییەکان بە شێوەیەکی دەروونی یان لۆژیکی .

5- دابەشکردنی بابەتەکە ئەگەر هاتوو درێژ بێت .

6- تاقیکردنەوە بە قوتابیەکان لە کۆتایی وانەکە بە شێوەیەکی زارەکی .

7- بە شێوەیەك لە شێوەکان قوتابی بەشداری پێ بکات .

8- رەچاوی زانیارییەکانی پێشووی قوتابیان بکات .

9- ئامانجی ئەوە بێت کە ئەم بابەتە ببێتە هاندەرو پاڵنەرێك بۆ لێکۆڵینەوە وەرگرتنی زانیاری زیاتر .

10- جەخت نەکردنەوە لەسەر وردەکارییەکان ، بەڵکو ئاگایی و ئاراستەیی قوتابیان بۆ چەمك و بنەما گشتیەکانی بابەتەکە رابکێشێت .

جۆرەکانی محاضرة .

محاضرة سێ جۆری هەیە ئەوانیش ( بەشێوەی ووتار ، پێشکەشکردنی ئازاد، پێشکەشکردنی ئازاد بە پشت بەستن بە بیرۆکەیەك ) . هەریەك لەم جۆرانە لایەنی باش و خراپی خۆی هەیە ، بۆ نموونە جۆری یەکەم مامۆستاکە ئەوەی کە نووسیویەتی لەسەر دەفتەرەکەی یاخود لەسەر کتێبەکە بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەیخوێنێتەوە بۆ قوتابیەکان، وە بەم شێوەیە زانیاریەکی زۆر لەماوەیەکی کەمدا دەدات بە قوتابیەکان بەشێوەیەکی رێکخراویش .لە خراپییەکانی ئەوەیە کە لەوانەیە گوێگرەکانی نەتوانن ئەو هەموو زانیاریە وەربگرن و بەردەوام بن وە نەتوانن درك بە پەیوەندی نێوان بابەتەکان بکە ن، وەکاتێك مامۆستاکە بابەتەکە دەخوێنێتەوە ئەوا بێزاری و ماندووبوون بە قوتابیەکان دیار دەبێت و هیچ پاڵنەرێك و خۆشیەك لەبابەتەکەدا نابینن، خۆیان بە شتی تر خەریك دەکەن و گوێ لە مامۆستاکەیان ناگرن، وە بەم شێوەیەش ئامانجی فێرکردنەکە بە دەست ناهێت .

وە جۆری دووەمیش هەمان حاڵەتەکانی جۆری یەکەمی بەسەر دا جێ بەجێ دەبێت ، بەڵام ئەوەی کە لێ جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە دەتوانرێت لە بابەتی خوێندنەکە دەربچێت و وە باسکردنی هەندێك بابە ت کە پەیوەندی راستەوخۆی بەبابەتەکەوە نیە .

جۆری سێیەم ، زۆربەی شارەزاییان بە جۆرە باشترینەکەی دادەنێن، کە بەوە جیا دەکرێتەوە کە ئامادەکارییەکی باش بۆ بابەتەکە دەکرێت ، وە گرنگترین لایەنەکانی بابەتەکە لەسەر وەرەقەی بچووك دا دەنوسرێت یان هەر بیرۆکەیەکی تر کە یارمەتی مامۆستاکە بدات بۆ زاڵ بوون بەسەر لایەنە خراپەکانی دوو جۆرەکەی تر ، بەم شێوەیە دەتوانێت بەشێوەیەکی باش و رێك بابەتەکە پێشکەش بکات ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت لەماوەیەکی کەمدا .

**شێوازەکانی ڕێگای** محاضرة .

**ڕێگای** محاضرة **چەند شێوازێکی هەیە بۆ فێرکردن ، کە لەڕێگای بەکارهێنانیان مامۆستا دەتوانێـت وانەیەکی باش و سەرکەوتوو پێشکەش بکات لەوانە :-**

1- **محاکاە / ئەم شێوازە بۆ قۆناغی سەرەتایی دەگونجێت ، وە مەبەست لەم شێوازە ئەوەیە کە مامۆستا هەڵدەستێـت بە ئە نجامدانی چەند ئەرك و چالاكییەك وە لەدوای ئەو دا قوتابییەکان دووبارەی دەکەنەوە . وە لەجیاکەرەوەکانی ئەم شێوازە ئەوەیە کە ئە نجام دەدرێـت بەبێ بوونی ئاستەنگی گەورە، وەماندووبوونی زۆری ناوێ ئەگەر بێت و مامۆستاکە خۆی باش ئامادە کردبێت بۆ بابەتەکە. وە ئەم شێوازە وەکو هاندەرێك وایە بۆ وورووژاندنی قوتابییەکان ، لەبەر ئەوەی لەسەر قوتابی پێویستە ئەوەی لەمامۆستاکەی وەری دەگرێت دووبارەی بکاتەوە، کەئەمەش پێویستی بە ئاگایی و گوێگرتنێکی باش هەیە بۆ ئەوەی بەباشی فێرببێـت و دووبارەیان بکاتەوە .**

2- پیشاندان و روونکردنەوە/ ئامانجی بریتیە لە روونکردنەوەی راستیەکان و دیاردەو پرۆسەکان کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەرامبەر بە قوتابیەکان ئەنجامی دەدات ، یان بەشێوەی نمونەی زیندوو یان نمونەی رەمزی .

3- چیرۆك / چیرۆك بەشێوەیەکی تایبەت لەگەڵ منداڵ بەکار دێـت ، وە چەند جۆرێکی چیرۆکمان هەیە لەوانە ( چیرۆکی زانستی ، چیرۆکی وەسفی ، چیرۆکی هونەری ) . وەیارمەتی ئەوە دەدات کە بیرو هۆشی قوتابی بۆ لای بابەتەکە رابکێشرێـت، وە هەروەها گواستنەوەی زانست و زانیاری و راستیەکان بەشێوەیەکی خۆش بۆ قوتابیەکان .

4- باسکردن / بریتیە لە روونکردنەوەو شیکردنەوەی بابەتەکان بۆ ناسین و تێگەیشتن لەبابەتەکە، لەبەر ئەوەی تێگەیشتن لە ناوەرۆکی بابەتەکە پەیوەستە بە دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان بەشەکانی بابەتەکە وە درککردنیان . کەئەمەش دەکەوێتە سەر ئەستۆی مامۆستا بەوەی کە ئامادەکاریەکی باش بۆ بابەتەکە بکات و زانیاری کۆبکاتەوە لەسەر بابەتەکە، وەجەخت بکاتەوە لەسەر بابەتە سەرەکیەکان و بابەتە لاوەکیەکان بەلاوە بنێت ، هۆکارە جیاوەزاکانی فێرکردن بەکاربهێنێـت وەنمونەی زۆر بێنێـتەوە لەسەر بابەتەکە .

دوورم / رێگای پرسیار.

رێگای پرسیار تاکە رێگای فێرکردن نیە، بەلاَم لەهەموو شێوازەکانی فێربووندا پرسیار کردن هەیە، هەندێك لە رێگاکان پرسیاری زۆریان تێدایە ، وەهەندێکی تریان پرسیاری کەمیان تێدایە . وە پرسیارکردن هونەرە لە پرۆسەی فێرکردندا، تواناو لێهاتووی مامۆستا بەدیار دەخات لە شێوازی ئاراستەکردنی پرسیارەکەو چۆنیەتی دروستکردن و ووروژاندنی قوتابی بۆ وەرگرتنی پرسیارەکەو تێگەیشتن و وەلاَمدانەوە بۆی .

مەبەستەکانی پرسیارکردن .

پرسیارکردن بەشێکی گرنگی پرۆسەی فێرکردنە ، وە چەند مەبەستێکی هەیە لە گرنگترینیان :-

1- بۆزانینی ئاستی قوتابیان / زانینی ئاستی زانیارییەکانی قوتابیان و ڕێژەی تێگەیشتنیان لەزانیارییەکانیان ، چونکە بەتەنها لەبەر کردنی بابەتەکە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە قوتابییەکە تێگەیشتووە، بەڵام لەڕێگای پرسیارکردن دەتوانین ئاستی زانیاری و ڕێژەی تێگەیشتنی لەلای قوتابی بزانین .

2- پێکەوەبەستنی زانیارییەکانی رابردوو بە زانیارییەکانی داهاتوو / مامۆستای لێهاتوو ئەوەیە کە بتوانێت لە ڕێگای پرسیارەکانیدا پێکەوەبەستن ئەنجام بدات لە نێوان زانیارییەکانی رابردوو بە بابەتە تازەکە ، بۆ ئەوەی بتوانن لەداهاتوودا ئەوەی کە فێری بوونە بەکاری بهێنەوە لەژیانی واقعدا .

3- راهێنان کردن و پێداچوونەوەی بابەتەکە بەمەبەستی جێگیرکردنی هەندێك لە زانیارییەکان لە مێشکی قوتابیاندا .

4- وروژاندنی بیری قوتابی / لە ناخی هەرپرسیارێك دا کێشەیەك هەیە، وەمەبەست لە کردنی پرسیارەکە ئەوەیە کە بیری قوتابی بروژێنێت بۆ ئەوەی بتوانن چارەسەری ئەو کێشەیە بکەن .

5- راکێشانی ئاگایی قوتابی بۆ وانەکە / پرسیارکردن کاریگەرییەکی زۆری هەیە بۆ راکێشانی ئاگایی قوتابی بۆ وانەکە ، چونکە وادەکات قوتابییەکە بیر بکاتەوە .

6- هەڵسەنگاندن / پرسیارکردن بەکار دەهێنرێت بەمەبەستی هەڵسەنگاندی قوتابی ، لەڕێگای هەڵسەنگاندنی قوتابییەوە دەتوانرێت هەڵسەنگاندن بۆ پرۆسەی فێرکردن بکرێت .

جۆرەکانی پرسیار کردن .

یەکەم / پرسیارکردنی بیرهێنانەوە .

ئەم جۆرەی پرسیارکردن مەبەستی ئەوەیە زانیارییەکانی قوتابی بگەرێنێتەوە و بە بیری بهێنێتەوە، کە تەنها بیرهاتنەوەی زانیارییەکانە کەواتە تەنها پێویستی بەم پرۆسە ژیرییە هەیە، کە چر دەبێتەوە لە ئاستە نزمەکانی بیرکردنەوە .

دووەم / پرسیاری شیکردنەوە .

خاسیەتی جیاکەرەوەی شیکردنەوە بریتیە لەوەی کە قوتابی پەیوەندی دروست دەکات لە نێوان راستیەکان و چەمك و بەها و لێهاتوویەکان . وەپەیوەندی لێرەدا بەمانای دۆزینەوە، یان بەکارهێنانی پەیوەندی نێوان دوو بیرۆکە یان

زیاتر . وە لەم جۆرەی پرسیارکردندا قوتابی دوو بیرۆکە دەدات و پرسیار لە پەیوەندی نێوانیان دەکات، یان بیرۆکەیەك دەدات و پرسیار لە بیرۆکەیەکی تر دەکات بۆ پتەوکردنی بیرۆکەی یەکەم .

سێیەم / پرسیاری جێ بەجێ کردن .

لەم جۆرەدا قوتابی هەڵدەستێت بەبەکارهێنانی ئەم چەمك و لێهاتووی و تیۆرانەی کە فێری بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەناسراوەکان لەلایدا، وە لەم جۆرەدا قوتابی هیچ شتێکی تازە فێرنابێت بەڵکو ئەوەی کە پێشووتر فێری بووە بەکاردەهێنێت لە بارودۆخی تازەدا کە رووبەرووی دەبێتەوە .

چوارەم/ پرسیاری کراوە .

ئەم جۆرەی پرسیارکردن ئازادی دەدات بە قوتابی بۆ وەڵامدانەوە ، کە مامۆستاکە گوێیستی چەندین وەڵام دەبێت، بەجۆرێك کە چەند وەڵامێکی راست دروست دەبێت . وەئامانجی مامۆستا لەم جۆرە پرسیارکردنەدا بریتیە لە دروستکردنی بیرۆکەی داهێنەرانەی رەسەن .

پێنجەم / پرسیاری هەڵسەنگاندن .

ئەم جۆرە داوا لەقوتابیان دەکات کە بریار لەسەر نرخی شت و رەفتارو تاقیکردنەوەو بیرۆکەکان بدەن ، وە هێنانەوەی هۆکار بۆ پێدانی بریارەکەیان . وە بریاردان لەسەر شتەکان دەبێت بەڵگەو ئاست و پێوەری هەبێت. وە لەهەندێ کاتدا ناتوانرێت بە وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە بوترێت راستە یان هەڵەیە .

هەڵە باوەکانی رێگای پرسیار کردن .

وەك زانراوە کەوا مامۆستایان پرسیارکردن بەکار دێنن لەگەڵ قوتابیەکانیاندا ، وە شێوازییان زۆرە ،بەڵام هەندێك جار بێ پلانی پێوە دیار دەبێت ، کە جۆرێك لە بێ هیوای لە فێربوون دروست دەکات لەلای قوتابیاندا، وە لە دیارترین ئەو هەڵانەی کەوا مامۆستایان دەیکەین لەکاتی پرسیار کردن و داناندا ئەمانەی لای خوارەوەن :-

- بەکارهێنانی پرسیاری ئاڵوزو لێکدراوو نارێك .
- بەدیارخستنی نەمانی ئارامی لەلایەن مامۆستا کاتێك وەڵامی قوتابیەکان هەڵەیە یان گونجاو نیە .
- ئاراستەی پرسیارەکانی بۆ بەشێك لە قوتابیەکان بێت ئەوانی تر پشت گوێ بخات .
- نەدانی کاتی گونجاو بە قوتابیەکان بۆ بیرکردنەوەو وەڵام دانەوە.

- هەندێك جار خۆیان وەڵامی پرسیارەكان دەدەنەوە ، یان زۆر دووبارەكردنەوەی وەڵامی قوتابیەكان .
- زۆر قسەكردن ، پێنەدانی بوار بە قوتابیەكان بۆ ئەوەی كە بیرو رای خۆیان بڵێن.

**مەرجەكانی پرسیاری باش .**

**لە گرنگترین مەرجەكانی دارشتنی پرسیاری باش ئەمانەن :-**

1- نوسین و دارشتن / پێویستە پرسیاری باش دارشتنێكی باشی بۆ بكرێت، دارشتنی پرسیار پەیوەندی بەو چەمكانە هەیە كەلە پرسیارەكەدا بەكار دەهێنرێت، بۆ ئەوەی مامۆستا دارشتنێكی باش بۆ پرسیارەكانی بكات پێویستە ئەم خالأنە لەبەر چاو بگرێت :-

- زۆر بەكار نەهێنانی ووشەی ( ئایا ) لە پرسیارەكانیدا .
- دووركەوتنەوە لە پرسیاری ئالۆز .
- دووركەوتنەوە لە پرسیاری لێكدراو كە كۆمەڵێك هۆكار لە خۆی بگرێت.

2- قبوڵكردنی وەڵامە هەڵەكان / زۆربەی كات قوتابیەكان وەڵامی هەڵە دەدەنەوە بۆ پرسیارەكان، پێویستە لەسەر مامۆستا ئاگاداریان بكاتەوە كە ئەو وەڵامە هەڵەیە ، وە هانیان بدات بۆ ئەوەی هەوڵ بدە ن بۆ بەدەست هێنانی وەڵامی راست، وە پێویستە لەسەر مامۆستا مامەڵەی ئەرێنی بێت لەگەڵ قوتابیەكانیدا .

3- پێدانی ئاماژە / هەندێك قوتابیمان هەیە وەڵامیان ئەوەیە كە دەڵێ، نازانم، پێویستە مامۆستا پرسیارەكەی دووبارە بكاتەوە ئەگەر هەمان وەڵامی وەرگرت ئەوا پێویستە چەند ئاماژەیەك بدات لەوانە :-

- مامۆستاكە پرسیارێك دەكات .
- قوتابیەكە وەڵامێكی هەڵە دەداتەوە یان دەڵێت نازانم.
- مامۆستاكە چەند ئاماژەیەك دەدات بە قوتابیەكە بەوەی كە چەند پرسیارێكی ئاسانی لی دەكات كە لەرێگایەوە دەگات بە وەڵامە راستەكەی پرسیارە سەرەكیەكە .
- هەموو ئاماژەكان بۆ ئەو قوتابیەیە كە پرسیارەكەی ئاراستە كراوە .

4- داواکردنی روونکردنەوە/ هەندێك جار قوتابی وەلامێکی قبوولکراو دەداتەوە ، بەلام رێکخستنەکە تەواو نیە، یان ناتەواوە، لێرەدا پێویستە لەسەر مامۆستا داو الە قوتابیەکە بکات کە وەلامەکەی روون بکاتەوە لە رێگای کردنی چەند پرسیارێك، وەکو چۆن دەتوانی وەلامەکەت روونتر بکەیتەوە؟ دەتوانی بەشێوازێکی دیکە دەری ببری ؟ مەبەستت چیە لەمە؟ دەتوانی نمونەیەکمان بدەیت؟ بیرو بۆچوونی تر هەیە ؟

نەهێشتنی هەڵە باوەکان لە رێگای پرسیار .

1- پلاندانانێکی باش بۆ پرسیارەکان بکرێت و خۆی بۆ ئامادە بکات.
2- کاتێك پرسیار ئاراستەی قوتابیەکان دەکات ، داوا لە قوتابیەك بکات وەلامی بداتەوە، وە پێویستە قوتابیەکە لەوانە بیێت کە دەست هەلنابرن بۆ ئەوەی قوتابیەکان بەئاگابن لەکاتی کردنی پرسیارەکاندا .
3- کاتێك پرسیار ئاراستەی قوتابیەکان دەکات دووبارەی نەکاتەوە ، تەنها لەوکاتانە دا نەبێت کە قوتابیەکە بلێت پرسیارەکە روون و ئاشکرا نیە .

3-رێگای گفتوگۆ .

رێگای گفتوگۆ بریتیە لە چالاکیەکی فێرکاری کەمامۆستا پەیرەوی دەکات لەگەڵ قوتابیەکانی دەربارەی بابەتی وانەکە ، وەلەسەرەتادا بە رۆلی مامۆستا دەست پێ دەکات کە هەوڵدەدات زانیارییەکان بگەیەنێت بە قوتابیەکانی لەر ێگای باسکردن و روونکردنەوەو پرسیار کردن ، وە هەوڵدەدات پەیوەندی دروست بکات لەنێوان بابەتەکانی وانەکە، بۆ ئەوەی پوختەیەکی باش پێشکەش بە قوتابیەکان بکات ، وەهەندێك جار نمونەش دەهێنێتەوە بۆ ئاسانکردنی تێگەیشتن لەلای قوتابیدا .

مەرجەکانی رێگای گفتوگۆ .

بۆئەوەی ڕێگای گفتوگۆ چالاك بێت و کاریگەری هەبێت لەسەر قوتابیەکان ، پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا بێت :-

1- دیاریکردنی ئامانج لەبەرکارهێنانی .
2- بارودۆخ گونجاو بێت بۆبەکارهێنانی .
3- ڕێژەی قوتابیان نەزۆر بێت وە نەکەمیش بێت .
4- قوتابیەکان تارادەیەك زانیاریان هەبێت دەربارەی ئەو بابەتەی کە بەم ڕێگایە دەگوترێتەوە .
5- پێویستە مامۆستا پرسیارەکانی بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکراوو ئامانجدار دابرێژێت وە لەو جۆرانە بێت کە ببێتە هۆی بیرکردنەوەو شیکردنەوەو حەزی گەران و بەدەستهێنان لەلای قوتابیدا .
6- پێویستە پرسیارەکان بە جۆرێك بن کە ببێتە هۆی گەشەسەندنی توانای قوتابی بۆ ئەوەی درك پێکردنێکی باش لە بابەتەکە ڕووبدات .

ئامانجی ڕێگای گفتوگۆ .

لەکاتی بەکارهێنانی ڕێگای گفتوگۆ کۆمەڵێك ئامانجی پەروەردەیی بەدەست دێت کە ئەمانەن :-

- ڕوونکردنەوەی ناوەرۆك / بەکارهێنانی ڕێگای گفتوگۆ دەبێتە هۆی تێگەیشتنێکی باش لە ناوەرۆکی بابەتەکە، لەر ێگای هاندانی قوتابی بۆ ئەوەی درکپێکردنێکی باش لەبابەتەکە ڕووبدات . بۆنمونە کاتێك داو الە قوتابیەك دەکرێت کە بیر بکاتەوە بۆ وەڵامی پرسیارێك لەسەر بابەتەکە و بەدەنگێکی ڕوون و ئاشکرا قسەبکات ئەوا دەبێتە هاندەرێك بۆ قوتابیەکانی تریش بۆ ئەوەی بیر لەناوەرۆکی بابەتەکە بکەنەوەو گفتوگۆی لەسەر بکەن .

- فێربوونی بیرکردنەوەی ژیرانە / کاتێك مامۆستا ڕێگای گفتوگۆ بەکار دێنێـت ئەوا سوودێکی زۆری دەبێـت بۆ پرۆسەی بیرکردنەوە لەلای قوتابیەکاندا لەبەر ئەوەی فێر دەبن چۆن چارەسەری کێشەکان یان چۆن بابەتەکە لێکبدەنەوە بە شێوەیەکی ژیرانە ، وەچۆن کۆنترۆڵی پرۆسە بیرکردنەوەی خۆیان بکەن .
- بەدیارخستنی لایەنی وجدانی / کاتێك کە مامۆستا پرسیار ئاراستەی قوتابیەکان دەکات دەربارەی بابەتەکە، ئەوا دەتوانرێـت ئاراستەو بیروبۆچوون و هەست و سۆزو بەهای ئەوقوتابیانە روون ببێتەوە کە بەشداری لە گفتوگۆکە دەکەن، لەهەمان کاتدا ئەوانەی کەبەشداریش ناکەن هۆشیاریان بۆ بیرو راو ئاراستەکانیان زیاد دەبێت یاخود کاریگەر دەبن بە بۆچوونی ئەوانی تر .
- زیادکردنی پلەی کاریگەری قوتابی / هەندێك کەس بیروایان وایە ئەو قوتابیانەی کەوا کاریگەر دەبن بەبابەتی گفتوگۆکە ڕێژەیان کەمە، تارادەیەك ئەو بۆچوونە ڕاستە کاتێك گفتوگۆکە بەتەنها لە نێوان مامۆستاو یەك قوتابیدا چڕ ببێـتەوە ، بەڵام ئەمە بۆ ڕێگای گفتوگۆ ڕاست نیە لەبەر ئەوەی بەشێوەیی کۆمەڵی ئەنجام دەدرێـت، لەبەر ئەوەی کاتێك مامۆستا پرسیارێکی وروژێنەر دەکات یان ئاسانکاری دەکات ، ئەوا زۆربەی قوتابیەکان ئامادەبن بۆ ئەوەی بیر لەوەڵامەکەی بکەنەوە یان بزانن ئەوانی تر چی دەڵێن، کەواتە دەچێتە ناو بابەتی گفتوگۆکە تەنانەت ئەگەر قسەش نەکات .
- گرنگی پێدان بەهەر قوتابیەك بە شێوەیەکی تاکی / ڕێگای گفتوگۆ دەبێـتە هۆی گەشەسەندنی سەربەخۆی خودی لەلای قوتابیدا، وە پتەوکردنی پاڵنەری کەسی ، وە فێربوونیان بەئامادەبوونی مامۆستا بۆ فەراهەم دەکرێـت ، وەبەردەوام هاندان هەیە، وەهەڵسەنگاندنی بیرکردنەوەوە وەڵامەکانیان بۆ بابەتی گفتوگۆکە دەکرێـت .

هەنگاوەکانی ڕێگای گفتوگۆ .

ڕێگای گفتوگۆ بەهۆی سێ هەنگاوە جێ بەجێ دەبێـت ئەوانیش :-

1- پێش گفتوگۆکردن .

بۆنمونە، هەڵبژاردنی بابەتی گفتوگۆکە، وە پێدانی چوارچێوەیەکی گشتی لەسەر بابەتی گفتوگۆکە. وە دەست نیشانکردنی ئامانجەکان بە ووردی، وە ڕێکخستنی وانەی گفتوگۆکە، وە دەست نیشانکردنی بناغەی پەیوەندی کردن .

2- کاتی گفتوگۆکردن.

بۆ نمونە، بەشداریکردنی قوتابیان بۆ ئەو کێشانەی کەباس دەکرێن، وە دڵنیابوون لەوەی کە زۆربەی قوتابیان بەشداری دەکەن، وە تێبینی ئەوانە بکرێت کە بەشداری ناکەن بەجۆرێك پرسیارێکیان ئاراستە بکرێت کە بێنە ناوبابەتی گفتوگۆکە. وە قوتابیەکان وا رابهێنرێن کە زانست و زانیاری پەیوەند بە بابەتەکە پێشکەش بکەن بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە بەهەر شێوەیەك بێت ، وە ئەوکاتە مامۆستا بەشداری بکات کە پێویست بکات.

3- دوای گفتوگۆ / پێویستە لەسەر مامۆستا لەکۆتای گفتوگۆکەدا چەند تێبینەك دروست بکات لەسەر بابەتی گفتوگۆکە، وە جەختیان لەسەر بکاتەوە ، وە دوای ئەوە پرۆسەی هەڵسەنگاندن ئەنجام بدات بۆ دڵنیابوون لە رێژەی فێربوون و بە دەستهێنانی ئامانجەکان .

4-رێگای گرووپات .

یەکێکە لە رێگاکانی وانە ووتنەوە ، توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان روونکردۆتەوە کەئەم رێگایە کاریگەری ئەرێنی هەیە لە دەستەکەوتی خوێندنی قوتابیاندا، وە کار دەکات لەسەر بنەمای دابەشکردنی قوتابیان بۆ کۆمەڵەی بچووك بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانی فێربوون . وە ئەم رێگایە زۆر بەکار دەهێنرێت لەلایەن فێرکارانەوە ، ئامانجیشیان ئەوەیە کە هەموو قوتابیەکان بەشداری پرۆسەی فێربوون بکەن و هەریەکەیان بە رۆڵی خۆی هەڵبستێت لەناو گرووپەکەی خۆیدا ، بەمەبەستی فێربوون .

پێویستە مامۆستا لەکاتی بەکار هێنانی ڕێگای گرووپاتدا ئاگاداری ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بێـت :-

- زانیاری هەبێـت لەسەر ڕێگای گرووپات و جیای بکاتەوە لە ڕێگای پێشبرکێ .
- شارەزایی لەسەر بنەما تیۆرەکەی هەبێـت کە جیای دەکاتەوە لەڕێگای فێرکردنی کۆمەڵی، وە لەسێ بنەمای سەرەکی پێك دێت ئەم ڕێگایە کە ئەمانەن ( ئاڵۆگۆڕکردنی ئەرێنیێ ، فێربوونی لێهاتووی کۆمەڵایەتی ، بەڕێوەبردنی کۆمەڵەکان ).
- توانای هەبێـت بۆ دیزایینکردن و پلاندانان بۆگرووپەکان .
- لەگەڵ مامۆستاکانی هاوڕێ خۆیدا زانیاری بگۆڕنەوە دەربارەی ئەم ڕێگایە ، تاوەکو بتوانێـت بە شێوازێکی باش و گونجاو بەکارییبێنێـتەوە لە ناو پۆلدا لەگەڵ قوتابیەکان .

ڕێگای گرووپات بەمانای ئەوە نایێـت کە قوتابیەکان لەسەر یەك مێز بەیەکەوە دابنیشن، یان نوسینی را پۆرتێك کەبەتەنها یەکێك ئەنجامی بدات و ئەوانی تریش تەنها ناویان بنووسن،بەڵکو بەمانای ئەوە دێت کە قوتابیەکان لەیەکەوە نزیك بن و گفتوگۆ لەسەر بابەتێکی فێربوون بکەن یان یارمەتی یەکتر بدەن، یان بەشداری لەگەڵ یەکتردا بکەن بۆ فێربوونی بابەتەکان .

بنەماکانی ڕێگای گرووپات .

بۆ ئەوەی ئەم ڕێگایە کاریگەری ئەرێنی هەبێـت لە پرۆسەی فێربووندا ، ئەوا پێویستە ئەم بنەمایانەی تێدا بێـت :-

1- پشت بەستن بەیەکتری / بۆ ئەوەی ڕێگای گرووپات کاریگەری ئەرێنی هەبێـت ، پێویستە قوتابیەکان هەست بەبەرپرسیاریەتی خۆیان بکەن لە پرۆسەی فێربوونەکەدا، وە زۆر هاریکاری یەکتر بکەن لە فێربوونی بابەتەکەدا . وە پێویستە لەسەر هەرتاکێك لە ئەندامانی گرووپەکە بەئەرکی خۆی

هەڵبستێـت و بۆ سەرکەوتنی گرووپەکەیان، وە هەریەکێکیان لەرێگای سەرچاوەو زانیارییەکانی خۆی بەشدار بێـت کەئەمەش دەبێـتە پاڵپشتێکی باش بۆ گرووپەکە .

2- کارلێکی راستەوخۆ / بنەمای دووەم لە رێگای گرووپات ئەوەیە کە قوتابیەکان کارلێکیان لەگەڵ یەکتر هەبێـت بە شێوەیی رووبەروو کەئەمەش وەك هاندەرێك دەبێـت بۆ یەکترو سەرکەوتنی گرووپەکەیان . وە بۆ ئەوەی ئەم کارلێکە بەرهەمێکی هەبێـت و تاکەکان رووبەروو لەگەڵ یەکتر گفتوگۆ بکەن و لەیەکتر نزیك بن ئەوە دەبێـت گرووپەکان بچووك بێـت (لە دووتا شەش) ئەندام پێك بێت لەبەر ئەوەی بەم شێوەیە بەشداری هەر یەکێك لە قوتابیەکلن زیاتر دەبێت وە بە پێچەوانەشەوە .

3- لایەنی تاکی و کەسی / ئەمە لەبنەما گرنگەکانە ، کە هەڵبستین بە هەڵسەنگاندنی ئەرکی هەر تاکێك لە تاکەکانی گرووپەکە ، وە لەم رێگایەوە دەزانرێـت کامەیان پێویستی بە پاڵپشتی زیاتر هەیە و کامەیان پێویستی بە هاندانی زیاتر هەیە .

4- لێهاتووی بە دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان تاکەکاندا / بۆ ئەوە تاکەکان کارلێك لەگەڵ بکەن و هاریکار بن لەگەڵ یەکتر ، پێویستە یەکتر بناسن و باوەریان بەیەکتر هەبێت، یەکتر قبوڵ بکەن و پاڵپشتی یەکتر بکەن، چارەسەری ململانێ و جیاوازیەکان بکە ن بە رێگایەکی ئەرێنی.

5- چارەسەری کۆمەڵی / ئەمەش ئەوکاتە روودەدات کاتێك ئەندامانی گرووپەکە گفتوگۆ دەکەن دەربارەی رادەی پیشکەوتنیان لە بەدەست هێنانی ئامانجەکانیان وە پاراستنی پەیوەندیەکەیان لە چوارچێوەی گرووپەکەیان . کەئامانج لەوە بریتیە لە روونکردنەوەو باشترکردنی کاریگەری ئەندامەکان لە گرووپەکەدا.

هەنگاوەکانی جێبەجێ کردنی رێگای گرووپات .

1- دیاریکردنی ئەو بابەتەی کە دەمانەوێت بە رێگای گرووپات بگوترێتەوە کە قوتابیەکان بتوانن ئە نجامی بدەن و مامۆستاکەش بتوانێـت تاقیکردنەوەیان پێ بکات .

2- دیاریکردنی چەند پارچە کاغەزێکی بچووك کە هەریەکەیان برگە گرنگەکانی بابەتەکەی تێدا بێـت .

3- دابەشکردنی قوتابیەکان بۆ گرووپ بە جۆرێك جیاوازی هەبێـت لە نێوانیان لەرووی سیفات و ئاستی زیرەکی و هتد ...

4- دوای ئەوەی گرووپەکان دروستکران پێویستە هەریەك لە ئەندامانی گرووپەکە لە چەمك و زانیاریەکانی بابەتەکەیان تێ بگەن .
5- هەر قوتابیەك بەتەنها تاقیکردنەوەی پێ بکرێت و نمرەی بۆ دابندرێت لە دواییدا نمرەی هەر گرووپێك دەربهێندرێت .
6- دوای ئەوەی نمرەی گرووپەکان ئاشکرا دەکرێت پاداشتی ئەو گرووپە بکرێت کە بەرزترین نمرەی بەدەستهێناوە .

چۆنیەتی دروست کردنی گرووپەکان .

پێویستەلەسەر مامۆستا دابەشکردنی گرووپەکانی بە شێوەیەکی یەکسان نەبێت بە جۆرێك کەمترینیان لە دوو قوتابی پێك بێت و وە زۆرترینیشیان لە شەش قوتابی پێك هاتبێت . وە پێویستە مامۆستا ئاگاداری جیاوازی بێت لە نێوان قوتابیەکان . وە دەبێت ئەوە رەچاو بکرێت کە قوتابیەکان بتوانن لەگەڵ یەکتردا هاریکار بن و بەیەکەوە کار بکەن . وە مانەوەیان بۆ ماوەیەك لەگەڵ یەکتری وادەکات پەیوەندی کۆمەڵایەتی و گیانی هاریکاری لە نێوانیادا زیاد دەبێت کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کاتی مامۆستا کەم بکاتەوە بۆ رێکخستنی گرووپەکان ، بەڵام لەگەڵ بوونی هەر ئەگەرێك کە قوتابیەك نەیویست بەردەوام بێت لەبەر ئەوەی کە توانای ئەوەی نیە لە بابەتەکە تێ بگات ئەوا پێویستە بگۆردرێت گرووپەکان .

لێهاتوویە سەرەکیەکان لە شێوازی گرووپات .

بۆسەرکەوتنی ئەم شێوازەی وانە ووتنەوە پێویستە مامۆستا چەند لێهاتوویەکی هەبێت لەوانە :-

- بە ئارام بێت لەگەڵ گرووپەکان .
- لەگەڵ گرووپەکان بمێنێتەوەو هاتووچۆ نەکات لە نێوانیاندا .
- دەنگی بەرز نەکاتەوە وە لەهەمان کاتدا قوتابیەکانیش رابهێنێت کە بە دەنگی بەرز قسە نەکەن .

- هانی هەریەك لە بەشداربووەكان بدات كە بەشداری بكەن لەگەڵ گرووپەكانیان .
- رایانبهێنێت كە هەریەكەیان چاوەڕێ ڕۆڵی خۆیان بن و ڕێزی یەكتر بگرن .
- كاتێك گفتوگۆ لەگەڵ قوتابیەك دەكات پێویستە ناوی بهێنێـت .

هەڵسەنگاندنی شێوازی گرووپات .

پێویستە هەڵسەنگاندن بۆ گرووپەكان بكرێت ، وە هەڵسەنگاندنەكەش لەسەر بنەمای ئەوە بێـت تاچەند گرووپەكان لە بابەتەكە تێگەیشتوون وە لەسەر بنەمای چۆنیەتی كاركردنیان بە شێوەی گرووپ . وە دانانی نمرە بۆ گرووپەكان لەسەر بنەمای ئەو پێوەرانە بێت :-

1- ئایا بابەتەكەیان تەواوو ڕێك و پێكە ؟
2- ئایا هەر ئەندامێك كارا بووە لە گرووپەكە؟
3- ئایا گرووپەكە وورد بوون لە بابەتەكەیان؟
4- ئایا بابەتەكە سەرنج ڕاكێش بوو ؟
5- ئایا هەوڵی باشیان داب ۆ گرووپەكەیان؟ وەئایا ئەندامانی گرووپەكە شانازیان بەهەوڵەكەی خۆیان دەكرد؟